# پەلامارە تیرۆریستیکەی ئەمرۆ
# بۆ سەرخەڵکی شاری لەندەن ئەڵقەیەکی تر لەشەری تیرۆریستان نمایش دەکات.

سەرلەبەیانی ئەمرۆ شاری لندەن بووە مەیدانی پەلامارێکی تیرۆریستانە و لە چەند جیگای جیاوازی قیتاری ژیر زەمینی و پاسی هاتووچووی ناو شار، بۆمبی تیرۆریستان دەستی تاوانی گەیاندە ژیانی ئاسایی خەڵکی ئەم شارەو دەیان کەسی کردە قوربانی و سەدانی تریش بەبریندااری لەنیو شەقام وژیرزەمینی قیتاری هاتوچوودا جیهیشت، لە کاتیکدا ئەم ئینسانانە بە شوین کارو پیشەی رۆژانەی خۆیانەوەبوون. بەم جۆرەش ترس و دلەراوکیٚ ژیانی میلۆنەها ئینسانی لەم شارەدا داگرت.

ئەگەرچی تونی بلیر و کاربەدەستانی حکومەتەکەی تائیستا هیچ لایەنێکیان بەرەسمی لەم تاوانە بەرپرسیار نەکردووە، بەڵام هەر بەدوای چەندساتیك گروپیکی سەر بەتاقمەکەی القاعیدە بەرپرسیاریتی خۆیان بۆئەم کردەوە تیرۆیستانەیە راگەیاندو بەم جۆەرش تیرۆریزم و شەری تیرۆریستان شاری لەندەنی بەئەلەقەیەکی دیکە لە زنجیری شەری تیرۆریستانەوە گریٚدا. ئەم رووداوە بەهیچ شتیك تەبریر ناکری چونکە کردەوەیەکی ئاشکرای ئینسان کوژی و تیرۆریزمیکی کویرانەیە کەئاگری تاوانەکانی بەر داوەتە گیانی ملیۆنەها ئینسانی مەدەنی و خەریکەژیان و ئەمنەیەتیان دەکاتە بارمتەی سیاسەت و شەریکی تیرۆریستی ئەو لایەنانەی لەپشت ئەم کارەوە راوەستاون و جورئەتیانکرد بۆ ئامانجی گلاوی سیاسیان دەست لەخوینی خەڵکی بیتاوان وەردەن، راستەوخۆ لەگەل ژیان و ئەمنەیەت و ئارامی کۆمەلگاو خەڵکی مەدەنی دژایەتیان هەیە و دەبی دەست کۆتا بکرین..

کارەساتی ئەمرۆی لەندەن ئەلقەیەکیتر لە شەری تیرۆریستان بۆ سەر ژیان و حورمەت و ئاسایشی مەدەنی خەڵکی لە تەواوی جیهان نمایش دەکات. ئەم رووداوە راستەخۆ لە دریژەی شەری نەبراوەی دوو قەتبی تیرۆریستی ئەمریکاو بریتانیاو دەولەتانی رۆژئاواو دەولەتی ئیسرائیل لەلایەك وئیسلامی سیاسی لە لایەکی ترەوە، شەریك کە تیرۆر و کاری تیرۆریستی کردۆتە کاری هەموو رۆژە و جیٚ کەوتوو ی ژیانی هاوچەرخ لە تەواوی گۆشەو کەناری دنیای ئەمرۆدا، بەرهەمی شەرو داگیرکاری و جەنگ و کاولکارییە لەعیراق و ئەفغانستان و فەلەستین، بەرهەمی سیاسەتی دەست گرتن و ئاواڵەکردنی ئیسلام وئیسلامی سیاسی یە بۆ نیو کۆمەڵگای سکولاری ئەوریپا.

رزگارکردنی کۆمەڵگای جیهانی لەدەست تیرۆرو تیرۆریستان وپێش برکیان کاری ئێمە خەڵکی ئازادیخواز وموتەمەدنی دنیایە.. ئەم سیناریوویە خەتەرناکە لەسەر لاشەی خەڵکی جیهان لەنیوان دووبەرەی تیرۆریست و کۆنەپەرستدا بەتووندی دەبیٚ کۆتای پیٚ بیٚ ، داگیر کاری عیراق و ئەفغانستان و مەسەلەی فەلەستین دەبیٚ کۆتای پیٚ بیٚ، دەبی سیاسەتی نسبیەی فەرهەنگی کە بۆتە هۆی جیاکاری و بیٚ مافیەکی سیستەماتیکی بەسەر ژنان ومندالانی پەنابەرەوە دەبی هەلۆەشیتەوە ولەشوینیدا مافی هاولاتی بوونی یەکسان و ئازادی یەکان بەپیوانەیەکی جیهانی بە یەکسان بۆهەمووان لەکۆمەلگادا بەرەسمی بناسریٚت.

ریز بەستنی بەرەی ئینسانی و ئازادی خوازی کە لەشەری عیراق دا لە شەقامەکانی لەندەن بەملیۆن هاتە سەر شانۆ، هیزیەکە دەتوانیٚ دنیا بەپێشوازی ئارامی و ئاسایش و ئینسانیەت و خۆش گوزەرانی بەریٚت و کۆتای بەم پێشبرکیٚ تیرۆریست یە بهێنێت، حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق ویرای سەرەخۆشی و دەربرینی هاوچارەنوسی خۆی لەگەل کەسوکارو خیزانی قوربانیانی ئەم رووداوە لەریزی پیشەوەی خەباتی خەڵکی ئازادیخوازو و موتەمەدنی دنیا یە بۆ کۆتایی هینان بەشەری تیرۆریستان.

**مەرگ بۆ تیرۆریستان**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق\رێکخراوی بەریتانیا**

2005-7-7

www.wpiraq.net Tel:07734704742